# نوسینەوەی خود

## بەشی یەکەم

نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

لەنێوان بون ونەبونا تەنیا پیتی (و) هەیە ، نیشتیمان(و) مەنفاش هەر وایە .. کە لەسەرەتای گەشتی ژیانەوە رێکەوتم پێم وابو ئەبێت بگەم، لێ گەوجانە ..نازانم ئەبێت من گەوج بم یان وجود نارێکی تێدا بێت؟؟؟

باشە کەی بۆ من گرنگە بزانم پایز بۆ بێحورمەتی بە باخچە دەکات، کەی گرفتی منە بزانم لێکدانەوەو لێدەرکردنی ژمارەکان ئاکامەکەی چییە؟

حورمەتی باخچە یانی چی؟ باخەوان تەورەکەی تیژ بێت یان کول بە من چی؟ منی سودبەخش ئەو چەمکە بو لە فەلسەفەی بونگەراییەوە وەرم گرت هەرچەندە لە ناخەوە بە پوچگەرایی سەرسام بوم ،لێ دوای خوێندنەوەی ( بێگانە )ی کامۆ ئەو سەرسامیەم نەما .. نەمویست کەشتیوانەکە بکوژم بۆ ئەوەی خۆم دەرباز بکەم،بەڵام ( ماری) لە ناخمدا مایەوە ،منیش دوای مردنی هەمو شت تەنیا لەسەر سکی ماری هەستم بە ئارامی کرد، لەدوای مردنی خۆمەوە تەنیا بۆ ئەو بۆینباخی رەشم لەمل کرد وەک چۆن سورم بۆ پێشوازی لە گەردن کرد...

سەفەری دورگەکانی مردن مرۆیان بێزار دەکات ،لێ لەگەڵ ماریدا هەرێمی مەرگەش دەبێتە ژوان..

ئەو ئاسۆیانەی لەدوای کامۆوە فێریان بوم منێک بو سارتەر فێری کردم بەڵام من هەڵێنجانی ترم تێدا کرد، منێکی تریشم بۆ دۆزیەوە (منی خۆم ) (منی تۆ) ،ئەمانە بازنەو جوزغزی ئینسانین نەک شۆڕشگێڕی، کە بەرزترین چەمکی ژیانە بەلای منەوە، ئەمەش وێک ناگرێتەوە لەگەڵ ( بریخت ) دا،ئەمە داهێنانی من نیە ،خوێندنەوەیەکی ترە بۆ شانۆنامەی (جوزغزی تەباشیری قەوقازی) .

زۆر پێناس بۆ نیشتمان و زێد کران وەلێ ئەوانیش کەوتنە هەمان خانەی پێناسی شیعرەوە ( فرە رەهەندەو پێناس ناکرێت)

چەمکی نیشتمان دەکرێت لەدەرەوەی جوگرافیا قسەی لێ بکرێت ، دەشبێت خۆت بۆخۆتی هەڵبژێریت نەک بۆت دیاری بکەن ( یا وەک دەڵێن قەدەرت بێت) ئەم دەستە واژە لە پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانیشدا بەکار دێت.
دەکرێت نیشتمان لەناو هەرمێیەکدا بێت و بە دارێکەوە کە هەر خۆت بزانی لەکوێیە ،ئەوکات بە ئاسانی خیانەتی لێ ناکرێت.. گەمە بە چارەنوسی ناکرێت.
کۆمارێکی تەواو جیاواز لەوەی ئەفلاتون..نە دەرت دەکەن و نە نامۆی تێیدا!!
قسەکردن لە چەمکی نیشتمان دەتخاتە گێژاوی بیرکردنەوە لە زۆر شت، زمان، سیمۆلۆژیا،ئەبستیم .... بۆ.. نازانم ..سەیرەەەەەەەەەەە
لەنێو هەریەک لەم کایانەدا دەبێت سەر بەماڵی سۆسێرو چۆمسکی،بارت و درێدا،فەلسەفە وخێڵدا بکەی ..
جیا لەوە نیشتمانێک کە خۆت هەڵیبژێریت دەستورەکەشی هەر خۆتان دەینوسن
(منی تۆ ) (تۆی من) ،دەستور لە زۆرێک کاتاندا ماتماتیکە ،فیزیک و کیمیایە..
ماتماتیکێکی نوێ کەتێیدا دەسەلآت لە یەکانەیی دەسەنێتەوە،ئەمە خاڵی بنەڕەتی ناکۆکییەکانی ئایدیا و ماتریالە .
فیزیکێک کە لەبنەڕتدا نەک لەگەڵ نیوتنا ناکۆکە، بگرە ئیسحاقیش سەری لێدەرنەکرد، فیزیکیستەکان لەوە بێئاگا بوون کە هێزی ڕاکێشان لە دڵدا زۆرترە تا لە زەویدا..
لە قۆناغی مێرمنداڵی و بە ئێستەشەوە سەرسامی تەنیا هاوکێشەیەکی کیمیام ،دوو گەرد هایدرۆجین و گەردێک ئۆکسجین دەبنە بنەڕەتی ئاو!!!
هایدرۆجین گازێکە زوو دەسوتێت ، ئۆکسجینیش باشترین یارمەتیدەری سوتانە ، ئەم دوو گازە گەرمە ئاویان دروستکرد،بە ئێستاشەوە سەرسامم و پێم وایە تەنیا پێکهاتەی ئاوو ئەشق لەیەک دەچن.
تۆم خۆش دەوێت... ئەمەش لە گەردونا فرە جار ڕوپامایيە کێمان وەک هایدرۆجین و ئۆکسجین وازمان لە سروشتی خۆمان هێناو بوینە ئەنتی خۆمان؟

ئەوەی ئەوان جوانترین کرداری خۆشەویستیە بەبێ هاتوهاوار ،بەبێ گریان..
گەمەیەکە بۆ ڕابردوو لە ئێستادا دەست پێدەکات ، نزایەکی جوانە کە منداڵێک
گریا من بۆ شادی دەپاڕێمەوە ،جگە لە شادی چی هەیە منداڵ بۆی بگری؟
شادیش لە دوو بازاری جیادا دەست دەکەوێت ،لە دوکانەکەی ئەودیو ژیانەوە،
لەکۆڵانەکەی ئەمدیو مەرگەوە.... مەرگ ..جوانترین دیارییە بۆئەوانەی
خۆیان لە کۆڵانەکانی وجود سەر دەر نابەن.

کام مەرگ...تۆ کەنازانی بۆو کەی لەدایک بویت نابێت نەزانی کەی خۆت
دەمرێنیت.

میقدارێک درەنگ دەمرن... بڕێکیش زوو، کاتێ بمرە کە بمریت ،ئەوانەی بە
کەماڵ گەشتون دەزانن کەی دەمرن،هەرمێ بەدارەوە نازانێت کەی
دەمرێت،زۆران بۆ گەشتن بە هەقیقەت زو دەمرن،بڕێکیش بەرلەوەی پێی
بگەن، من جیا لەوانە دەزانم کەی دەمرم ،کاتێک قەناعەت بە جلەکانم بکەم
،بە سەعاتەکەم بڵێم نۆرەی پشووە، کتێبی ژیانم تەواو کردبێت یان چەند
لاپەرەیەکی مابێت،یان گۆڕکەم بڵێت؛ هاوڕێ چاوەڕێتم بۆ نەهاتی؟ وەک
هەمووجار بۆئەوێش ئیزنت لێ وەردەگرم .